نامەی (٤)

کارەساتی ئەنفال

((بسم الله الرحمن الرحيم))

حکومەتی عێراقی لەساڵی ١٩٨٨/١٠/١٤ هێرشی هێنا لە ناحیەی سەنگاوە و بەرەو گوندی قایتەوەن دەوری گوندی قایتەوەنیان گرد و بە تۆپ بارات کردنی گوندەکە و پاشان خەڵکی گوندەکەیان خڕ کرد ژن و مناڵیان لە زەلامەکان جیاکردەوە ٤١ زەلامیان بەرەو زیندانی نوگرە سەلمان برد ئینجا خانوەکانیان بە شۆفلێ و تێنتی ڕوخاندو هەموو کەل و پەلەکانیان سوتان ژن و منداڵەکان ناچار بوون بەرەو ناحیەی قادر کەرەم ڕۆیشتن لە ناحیەی قادر کەرەم کاربەدەستانی حوکمەتی بەعس هەندێ لە ژن و منداڵەکانیان گرد و بەرەو زیندانەکانی نوگرە سەلمان بەڕێ خستن پاشماوەی ئەو ژن و منداڵانە کە لە گردن نەجاتیان بوو ناچاربوون بەرەو قەزای چەمچەماڵ بچن لە ئۆردوگاکانی چۆڕش و قادر کەرەم جێگیربوون

وەکو شکات شکات لە بارق عبداللە دەکەین چونکە ئەو دیهاتەکانی رووخاندو ژن و منداڵی گرت

حنیفە شریف حسن

١٩٨٨/٧/١

کوردستان نێت:

نامەکە لەسەر کاغەزێکی A4 نووسراوە

وەك خۆی چاپمان کردۆتەوە، خەتەکە لە خەتی منداڵ دەچێت دو گەلاّ دار بە بچوکی لەراست و چەپی نامەکە لەبەشی سەرەوە دروستکراوە. ناوی منداڵەکە لە خوارەوە بە قەڵەمێکی جیاو خەتێکی جیا نووسراوە.

©Kurdistan Net